# هەڵمەتێك بۆ دادگاییكردنی سەرۆ قادر بەرێوەدەچێت

ئامادەکردنی لڤین

● سەرۆ قادر بەرپرسی راگەیاندنی پارتی، سیفەتی سەگی دایە پاڵ کۆمەڵگەی کوردیو خەڵکی گوندەکانی کوردستانیشی بەبێ شەهامەتترین خەڵك ناوبرد. ئەو قسانەی بەرپرسی راگەیاندنی پارتی، رووبەرووی نارەزاییەکی توندی کۆمەڵگای کوردی بووەوە ئەو قسانە بەشێکی زۆری خەڵکی تورەکرد. ئەو هەڵمەتی نارەزاییە لە سلێمانیو گەرمیان گەیشتووەتە ئاستێکی بەرزو لە هەولێرو ناوچەکانی تر لە ترسی فشارەکانی حیزبی دەسەڵاتدار نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست، لە سلێمانی چەندین رێکخراوو کەسایەتیی، داوای یاساییان دژی سەرۆ قادر تۆمارکردو هەڵمەتێکی گەورەی ئیمزاکۆکردنەوە بەرێوەدەچێت، کە تا ساتەوەختی سازدانی ئەم راپۆرتە (١٠٠٠٠) ئیمزا کۆکراوەتەوە، هەروەها ناوەندی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی (١٠٠٠) فۆرمی لە زانکۆدا بڵاوکردووەتەوە، لەو ژمارەیە (٧٩٥) فۆرمیان بۆ گەراوەتەوە، کە (٩٤٪)یان ئیمزایان کردووە کە یاداشتنامەی نارەزاییەکە بنێردرێت بۆ پەرلەمان.

ئاسۆ جەبار نووسەرو رۆشنبیر دەڵێت: "دەبێت پەرلەمانو حکومەت هەڵوێستی هەبێت، ئەگەرنا ئێمە ئەو داواکارییانە دەدەینە ئەمەنستی ئەنتەرناسیۆنال و UN"، ئاسۆ جەبار بەردەوام دەبێتو دەڵێت: " ئەو قسانەی سەرۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤو بێکەرامەتکردنی ئینسانی کوردە، خۆم گوێم لە کاسێتەکە بووە، دەقاودەق وادەڵێت، بۆیە پێوستە مەسعود بارزانی داوای لێبوردن بکات، چونکە بەرپرسی راگەیاندنی حیزبەکەیەو دەبێت لە تەلەفزیۆنەکانیشەوە داوای لێبوردن بکات".

نارەزایی دژی ئەم قسانەی سەرۆ مامۆستایانی زانکۆشی گرتووەتەوە، لەمبارەیەوە پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. هۆگر مەحمود لە زانکۆی سلێمانی دەڵێت: "جام ئەوەی لێدەرژێت کە تیایەتی، ئەو زمانەی کە ئەو قسەی پێکردووە زمانی راگەیاندن نییە، لایەنی ئەدەبیی لە قسەکانیدا رەچاونەکراوە".

د. محەمەد کەساس– ئەمینداری کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سلێمانی دەڵێت: "هەرکەس زۆر قسەبکات، دەکەوێتە هەڵەی گەورەوە، سەرۆ بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی کە بەسەگی داناوە، ئیتر نازانم خۆی وەك سەگ بەوەفایە یان نا".

دەربارەی هەڵوێستی پارتی بەرامبەر قسەکانی سەرۆ قادر، عەلی کەریم؛ چالاك لە بواری مافی مرۆڤی کوردیدا، وتی: " پێموایە ئەمە گوزارشت نییە لە هەڵوێستی پارتی، ئەمە گوزارشتە لە هەڵوێستی نووسەرێك، بەڵام دواجار راستییەك هەیە بەرامبەر كاك سەرۆ، مادام ئەو بەرپرسی راگەیاندنی پارتییە، ئەگەر پارتی بێدەنگ بێت لە ئاست ئەم لێدوانەی كاك سەرۆ، بەشداردەبێت لەو لێدوانانە، چونکە بێدەنگی لە ئاست خراپەدا؛ بەشدارییە لە خراپە، بێدەنگی لە ئاستی تاوان؛ بەشدارییە لە تاوان، داواکارم لە پارتی ئەمە روونبكاتەوە كە ئەم لێدوانانەی كاك سەرۆ گوزارشت لە راوبۆچوونە تایبەتییەكانی سەرۆ دەكات یان گوزارشت دەكات لە سیاسەتی پارتی. كاك سەرۆ بەر لە هەر كەسێكی تر پێویستە داوای لێبوردن لە پارتیو خەباتگێرانی پارتیو تێکرای گەلی کوردستان بکات، بەتایبەتیش بنەماڵەی بارزانی".

دەربارەی ئەوەی کە تا ئێستا پارتی لەمبارەیەوە روونکردنەوەی نەداوە، عەلی کەریم بەمجۆرە دەدوێت: "من شیکاری ئەم حاڵەتە لە دوو شت بەدەرناکەم، یەکەم؛ ئەوە هەڵەیەك بووە كاك سەرۆ کردوویەتی، بۆیە چەند دەیەوێت دابمرکێتەوەو گەورەترنەکرێتو لە بەرژەوەندی ئەودایە کە دابمرکێتەوە. دووەم؛ رەنگە پارتی لەگەڵ ئەوە نەبێت ئەم بابەتە ببێتە جێگەی دیالۆگو گفتوگۆو جێگای هەڵوێست لەسەرکردن، بۆیە ئەوان لەگەڵ ئەوەن کە قسەی لەسەر نەکرێت، چونکە دواجار ئەوە نە لە بەرژەوەندیی كاك سەرۆو نە لە بەرژەوەندیی پارتیو خەڵکی کوردستانە".

هەر دەربارەی هەڵوێستی پارتی سەبارەت بە سەرۆ داوای لێبوردنی کردووە لە رادیۆی زاگرۆسو دەنگی کوردستانی عێراقو رادیۆی سلێمانی".

لەبارەی قسەکانی سەرۆ قادرەوە رۆژنامەنووس نەبەز گۆران دەڵێت: "پارتی حیزبێکە زۆر کەم قسەدەکات، زۆر درەنگ ئیجرائات وەردەگرێت، پارتی حیزبێکی ئیعلامی نییە، زیاتر لە پشتەوەی ئیعلام کاردەکات، قسەیەك بۆ نەکراوە نازانم، بەڵام تەسەوردەکەم لەم ماوەیەدا پارتی لێدوان بدات، هەستمدەکرد کۆمەڵێك شەخس، چ ئەوانەی لەناو ئیعلامی پارتین یان لە دەرەوەی ئیعلامن، دەیانویست لە رێگەی منەوە شەری خۆیان بکەن، من سەیرم بەوە دەهات خەڵکێك بەناوی خوازراوەوە لە سایتەکانی ئینتەرنێت شتیان لەسەر ئێمە دەنووسی، خەریك بوو دەخرامە شەرێکەوە کە شەری خەڵك نەبوو، بەڵکو چەند شەخسێك دەیانویست ئەم شەرە بقۆزنەوە".

چنور ئەحمەد کە خوێندکاری بەشی راگەیاندنە لەمبارەیەوە وتی: "سەرۆ دەبێت داوای لێبوردن نەك لە خەڵك، بەڵکو دەبێت لە پیشەکەیشی بکات، ئەگەر داوای لێبوردنیش بکات، ئەوەندە بایەخی نابێت".

دوای وتەکانی نەبەز گۆران، ئاسۆ جەباری نووسەر وتی: "گرنگ نییە پەشیمانبوونەوەی نەبەز چۆنە، کاسێتەکە بڵاوبووەتەوەو لەبەر گوێی خەڵکیدایە، بەڵام پێشموایە هەرەشەکردن لە نەبەز یەکێکە لە ئەگەرەکانو پێشموایە رەنگە ئەو هەرەشانە بتوانێت وا لە نەبەز بکات کە داوای لێبووردن بکات، بەڵام پێموانییە رای گشتی بەو هەرەشانە بێدەنگ بێت.

لە روونکردنەوەی خۆیدا سەرۆ بۆ راگەیاندنەکان، جارێکی تر هەرەشەی کردووە لە نووسەرانو رۆشنبیرانو مەلاکان. من دەڵێم خۆزگە نەبەز پەشیمان نەبووایەتەوەو داوای لێبووردنی نەکردایە، چونکە قسەکان لەبەردەستدان، بەڵام پێشموایە ناهەقیشی نییە، چونکە نەبەز لە شاری هەولێرەو ئەم پیاوە بە کۆمەڵگا بڵێت سەگ، هەرەشەشی لەدەستدێتو شتی تریشی لەدەستدێت، کە ناکرێت بیڵێم".